# گەل ڕۆژی
ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی ڕۆشنبیریی گشتییە، حزبی ڕزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٤) یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/١٥


## قەزافی : وڵاتانی عەرەبی ئێکسپایەر دەبن

معەمەر قەزافی سەرۆکی وڵاتی لیبیا لە لیدوانێکیدا بە ئاژانسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ڕاگەیاندووە کە سەردەمی وڵاتانی عەرەبی بەسەرچووە و ئێستاش بەرەو هەڵوەشانەوە دەچن . ئەوهیوای خواستووە کە عەرەب وازیان لێبێنن ، چونکە هیچ سوودیان بۆ ئەفریقیەکان نەبووە. ناوبراو گوتوویەتی : عەرەب لەکاتی شەڕدا نەدژی ئەمریکیەکان و نە دژی ئیتالیەکان نەوەستان و پشتیوانیان لە ئێمە نەکرد ، بە پێچەوانەوە ئەوان پیلان دەگێڕن !

قەزافی بەوە ناسراوە کە ڕاشکاوانە دەدوێ ، ئەو گوتوویەتی : عەرەب تەنیا بیر لەو شتە دەکەنەوە کە خەڵک پێیان دەڵێن ،بەوهۆیەوە بێسودو بێ کەلکن ، سەردەمیشیان بەسەر چووەو وڵاتەکانیان ئێکسپایەر دەبن . بەوهۆیەشەوە نابمە بەشێک لە پیلانی ئەمریکیەکان بۆ هاندانی عەرەب دژ بە فارسەکان، تا شیعەو سوننە لەیەکتری هاوێربن .

# تورکیا هەڕەشە لە کوردستان دەکات و ئەمریکاش هۆشیاری دەکاتەوە

**هەواڵەکان :** دوای لێدوانەکانی ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ، دەستەڵاتدارانی تورکیا هەڕەشەکانی خۆیان دژ بە هەرێمی کوردستان چڕتر کردۆتەوە ، تەنانەت سەرۆکی پارتەکانی تورکیا سنووری هەڕەشەکانیان تێپەڕاندووە داوای داگیرکردنی هەرێمی کوردستان دەکەن ، لەم پێوەندیەدا یاشار بویوک ئانیت، سەرفەرمانداری گشتی سوپای تورکیا لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: " ئەگەر ئیرادەی سیاسی بڕیار بدا، ئەوە هێرشکردنە سەر کوردستان پێویستە، ئێمەش بە هێزەکانمانەوە ئامادەی هێرشکردنین ". بەڵام شان مەککۆرمەک وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە لێدوانێک دا سەبارەت بە هەڕەشەکانی بویوک ئانیتی سەرفەرمانداری ئەرتەشی تورکیا گوتی: " ئەگەرچی کردەوەکانی پ.ک.ک بە هیچ شێوە قەبوول ناکرێن، بەڵام پێویستە تورکیا خۆی لە هەنگاوی یەکلایەنە بپارێزێ ، چونکە ئەمە پێویستی بەوە هەیە کە دوو وڵات کێشەکان بە ئاشتیانە چارەسەر بکەن " یاشار بویوک ئانیت، سەرفەرماندارى سوپاى تورک لە بەردەم میدیاکاندا لە پێوەندی لێدوانەکانی ڕێزدار مەسعود بارزانی، هەڵبژاردنی سەرکۆماری ، کێشە ی پ.ک.ک و هێرش بۆ کوردستان چەند ڕوونکردنەوەیەکی دا.

یاشار بویوک ئانیت سەرەتا لە قسەکانی دا ئاماژەی بە سەرهەڵدانەوەی شەڕو پێکدادانەکان لەگەڵ پ.ک.ک دا کرد ، دواتر گوتی:" پێویستە قۆڵەکانی سیاسی و ئابووری پ.ک.ک، بقرتێندرێ و هەروەها هیوایی ئەم پارتە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی تێکبشکێندرێ، چونکە لەم ساڵانەی دواییدا هیوادارییەک لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان لە نێو ئەندامانی ئەو گروپە پەیدا بۆتەوە "

چاودێران پێیانوایە کە ئەمریکا دۆست و هاوپەیمانی تورکیایە ، نایەوێ لە ناوچەکەدا بێهێز بێ ، چونکە ئەگەر شەڕی نێوان تورکیا و کوردستانیان ڕوویدات ئەوە تورکیای هاوپەیمانی خۆی لاواز دەبێ .

لەلایەکی دیکەشەوە کوردستانیان بە هۆشیارییەوە لێدوانەکانی هەردوو لایەن دەخوێننەوەو دڵنیاشن کە دەوڵەتی تورکیا لەم کاتەدا ناتوانێ لەشکرکێشی بۆ خاکی هەرێمی کوردستان بکات ، ئەگەر لەشکرکێشی بکات وەک شارەزایانی سەربازی خۆیان پێشبینی دەکەن ئەوە تورکیا دەدۆڕێ و سەرئەنجام هەڵدەوەشێتەوە ، چونکە ئێستا هاوهەنگییەکی بەرفراوان لە نێوان باشوور و باکوردا دروست بووە ، بەرپرسانی پارتی کۆمەڵگەی دیموکرات پێشتر ڕایانگەیاندبوو هەر هێرشکردنێک بۆسەر کەرکوک هێرشکردنی سەر دیاربەکرە ، هەروەها ڕێزدار بارزانیش گوتبووی ئەگەر تورکیا باس لە کەرکوک بکات ، ئەوە ئێمەش باس لە دیاربەکر دەکەین .

## مالیکی داوای دواخستنی ریفراندۆم دەکات

نووری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە هەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی " یومی یوری" ژاپۆنیدا داوای دواخستنی بەڕێوەچوونی ڕایفراندۆمی کەرکوکی کردووەو گوتویەتی : " بەگوێرەی دەستووری عێراق دەبێ کێشەی کەرکوک بە بەڕێوەبردنی ریفراندۆم یەکلایی بکرێتەوە ، تا دانیشتوانەکەی بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن ، بەڵام لە وڵاتدا شەڕێکی گەورەی تایفەگەری درێژەی هەیە ، بۆیە دواخستنی ریفراندۆم باشترە "ئەوەی شیاوی باسە نووسینگەی سەرۆکوەزیر پێشتر ئاماژەی بەوە کردبوو کە حکومەت واژۆی ئەو چوار بڕیارەی کۆمیسیۆنی ماددەی ١٤٠ی کردووە، بەڵام بەو شێوەیە جێبەجێ نابن و لەسەر داخوازی نووری مالیکی ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کراون ، ئیدی پێویستە لەوێ ڕەزامەندی لەسەر بدرێ ، پاشان سەرکۆمار و هەردوو جێگرەکەشی ئیمزای لەسەر بکەن، بەڵام ئەو زیکزاکە لەلایەن کوردستانیان ڕەت دەکرێتەوەو بە دژی دەستوور لێکدەدرێتەوە و بە خاپاندن دادەنرێ .

## یادی ئەنفالکراون و ئەرمەنیە قڕکراوەکان دەکرێتەوە

**هەواڵەکان :** لە پێوەندی ٩٢ەمین ساڵیادی ڕەشەکوژی ئەرمەنیەکان کە لە نیسانی ساڵی ١٩١٥ هێزەکانی عوسمانلی دژ بە خەڵکی سڤیلی ئەرمەنی ئەنجامیان دابوو، هەروەها لەپێوەندی نۆزدەهەمین ساڵیادی ئەنفالکراوانی کوردستان کە هێزەکانی ڕژێمی بەعس دژ بە خەڵکی سڤیلی کوردستان ئەنجامیان دابوو ، ڕۆژی ١٤ی نیسانیش وەک ڕۆژی یادکردنەوەی ئەنفاکلکراوەکان بڕیاری لەسەر دراو، لەزۆربەی شارەکانی وڵاتانی ئەوڕوپا مەراسیمی ڕێزگرتن بەڕێوەدەچێ ، هەر بەوبۆنەیەوە تاوانی تورکەکان و بەعسیەکان ڕیسوا دەکرێن ، بەفراوانی داوا دەکرێ کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەو دوو ڕەشەکوژیە وەک جینۆساید بناسێنێ .

لەپێوەندی ناساندنێ ئەو کۆشتارانەدا هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوە دەستی پێکردووە ، ڕێکخراوی چاک بۆ ناساندنی ئەنفال وەک جینۆساید هەڵمەتی ئیمزاکۆکردنەوەی لەنێو پەرلەمانتارانی ئەوڕوپادا دەست پێکردووە، هەروەها چالاکڤانانی دۆزی ئەرمەنیش هەڵمەتی ئەوەیان دەستپێکردووە کە وڵاتانی دیکەی ئەوڕوپا و ئەمریکا شوێن پێی فەرەنسا هەڵبگرنەوەو دەوڵەتی تورکیا وەک تاوانباری قڕکردنی ئەرمەنیەکان بناسێنن . هەر لەم پێوەندیەدا پارێزگاری هەرێمی کالیفۆرنیا ، ئارنۆلد شوارزێنێگەر بڕیاری داوە ڕۆژی ٢٤ ی نیسان چالاکی بەرفراوان بەڕێوەببرێت ، بەوهۆیەوە ڕایگەیاندووە کە ڕۆژانی ٢٢ تا ٢٩ی نیسانی ئەمساڵ ڕۆژانی وەبیرهێنانەوەی قوربانیانی قڕکردنی ئەرمەنیەکانە ، نابێ ئەو قوربانیانە لەبیر بکرێن و پێویستە تاوانباران ڕیسوا بکرێن

## دادگەی ئەوروپا سزا بۆ تورکیا دەبڕێتەوە

ڕۆژی ١٣-٤-٢٠٠٧ دادگەی مافی مرۆڤی ئەوڕوپا لە پێوەندی سکاڵای ئەو کوردانەی کە دژ بە دەوڵەتی تورکیا تۆماریان کردبوو، لە دانیشتنی خۆیدا دەوڵەتی تورکیای وەک پێشێلکەری مافی مرۆڤان ناساند، بەو هۆیەوە بڕیاری دا کە قەربووی ئەو کەسانە بکرێتەوە کە لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە ئازارو ئەشکەنجە دراون و زیانیان پێکەوتووە ،

دادگەی مافی مرۆڤی ئەوڕوپا بڕیاری دا کە : نەوەد و شەش هەزار یۆرۆ بە ئەحمەد گوڤەن و هەڤاڵەکانی بدرێ چونکە لە زینداندا ئەشکەنجە دراون ، شازدە هەزارو هەشت سەد یۆرۆ بە حاجی ئۆزەن بدرێ و حوسێن ئاتجیش بە نۆ هەزار شەش سەد یۆرۆ

## تورکیا چەک و پارە بە تورکمانەکانی کەرکوک دەدات

بە گوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری ئەمریکی " USA NEWS"، هەر لە سەرەتای پرۆسەی ئازای عێراقەوە حکومەتی تورکیا چەک و پارەی بە تورکمانەکانی کەرکوک داوەو هەوڵی ئاڵۆزتر کردنی ڕەوشی عێراق و بردنە پێشی ئامانجەکانی خۆی داوە.

لە هەواڵی ئەم گۆڤارەدا هاتووە " ڕووداني قەیرانی جەواڵ " تووڕەگە" کە لە 4-7-2004 لە سلێمانی ڕوویداو سەربازانی ئەمریکا تووڕەگەیان لەسەری کۆماندۆکانی تورکیا کردن لەپێوەندی ئەو کارانەی تورکیا بوو ، هەرچەندە بەو هۆیەشەوە قەیرانێکی گەورە لە نێوان سەربازانی ئەمریکاو تورکیا دروست بوو .

گۆڤارەکە دەڵێ: ئەوەی تورک و عەرەبەکان سەبارەت بە ئەگەری ڕوودانی شەڕێکی ئەتنیکی لە کەرکوک بانگەشەی بۆ دەکەن، بە هیچ شێوەیەک ڕاست نیە ، هەرگیز عەرەب و تورکمان لە کەرکووک دەر نەکراون .

لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتووە : تورکمانەکان بە پشتیوانی تورکیاوە زوو زوو خۆپیشاندان و ڕێپێوان دژی دەستەڵاتی کوردی لە کەرکوک دەکەن و ئەو شارە بە شارێکی تورکمانی دەزانن، بەڵام ڕاستیەکەی وانیە .




## ڕۆژەڤ

لە ژمارە ١٦٩ی هەفتەنامەی ڕۆژی گەل کە لە ٤-٣-٢٠٠٧ دا بڵاوکراوەتە، ئێمە ڕامانی خۆمان سەبارەت بە لێدوانەکانی تەیب ڕەجەب ئەردۆگانی سەرۆکوەزیرانی تورک سەبارەت بە دانوستاندن لەگەڵ هەرێمی کوردستان دیاریکردبوو ، نووسیبوومان : " تورکیا نایەوێ کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، هێشتا ڕوونیش نیە کە تورکیا چ جۆرە دانوستاندێکی لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەوێ ، بەڵام حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم ئامادەیی خۆیان پێشانداوەو خەنەبەندانی بۆ دەگرن، هێشتا کاربەدەستانی تورکیا لە سەر زمانی دانوستاندن ساغ نەبوونەوتەوە و لە خەمی زۆرترین دەستکەوت دان ،بۆیە هەق نیە کاربەدەستانی کوردستان پەلەی تێدا بکەن ، با جارێ کوردیش چاوەڕوان بکات و بزانێ دوایین بڕیاری تورکیا چی دەبێ و داوای چی دەکات " ئێستا کە هەڕەشەو گوڕەشەکانی دەستەڵاتدارانی تورکیا و بەرپرسانی سەربازی و پارتەکانیان دژ بە ڕێزدار مەسعود بارزانی و نیازی لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی بێزراوتر دەستی پێکردۆتەوە ، ڕاستی ڕامان و بۆچوونەکانی ئێمە جارێکی دیکەش سەرڕاست بۆتەوە، ئێستا ڕاشکاوانە دەرکەوتووە کە کاربەدەستانی کوردستان کورتبینانە هاوکێشە ڕامیاریەکانی هەرێمی و جیهانی دەخوێننەوە .

ئەوانەی ڕژێمی تورکیان نەدەناسی، بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و هێزەکانیان گرەویان لەسەر ئەسپی تۆپیوی تورک دا دەکرد، باوەشیان بۆ لێدوانەکانی سەرانی تورک دەگرتەوەو ڕامیاری ئەوانیان بە خاڵی وەرچەرخان دادەناو پێیانوابوو کە ئیدی دەلیڤەی دانوستاندن لەگەڵ تورکیا ڕەخساوەو دەبێ پێشوازیان لێبکرێ، ئێمەش سەرکۆنەی ئەوانەمان دەکرد و ڕاشکاوانە ڕامان دەگەیاند کە سەرانی تورک و پانتورکیزمەکان بە موو نەگۆڕاون و کەلکەلەی فراوانخوازی و پاوانخوازی بەری نەداون ، لەگەڵ گیانی سەردەم ناگونجێن و توانای ئەوەیان تێدانیە هاوچەرخانە لەگەڵ جیهانگیری و پێشکەوتندا ڕەفتار بکەن و پێویست بە وتارێکی هاوبەشی کوردانە دەکات ، وا دەخوازێ کە تێکڕای کوردستانیان لەبەرانبەر هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئەردۆگان و پارتەکەی و کابینەکەیدا لە چەترێکی هاوبەشدا دژی ئەو پیلان و فراوانخوازیەی ئەوان بوەستنەوە.

ڕامیاری هونەری لە دەست هاتوو ، یان پێڕاگەیشتنی خوێندنەوەی هاوکێشە ڕامیاریە هەنووکەیی و داهاتووەکانە، دەبێ سیاسەتکاران لێزانانە بەدەستیەوە بگرن و ڕەفتاری لەگەڵدا بکەن، بەڵام مخابن دەستەڵاتدارانی کوردستان تەنیا لە تەنگانەدا لایەنەکانی دیکەو کوردستانیانیان وەبیر دێتەوە، ئەوان ئەرکی کوردستانیان پێشان دەدەن و مافەکانیشیان لەژێر پێ دەنێن ! بۆیە دەبێ دەستەڵاتدارانی کوردستان ئەو چاویلکەیە لە چاو بکەنەوە کە ژێرەوەی خۆیانی پێنابینن ، ئەو تاریکیە بڕەوێننەوە کە خۆیان لە ئاسمانی کوردستان دایان هێناوە .

گەفەکانی دەستەڵاتدارانی تورک هەموو سنوورێکیان بەزاندووە، ڕوخساری ڕاستینی خۆیان بۆ کوردستانیان و جیهانیان ئاشکرا کردوو ، بەم هۆیەوە دەخوازێ کوردستانیان یەکریز و هاوهەڵوێست دژ بە هەڕەشەکانی تورک ڕابوەستن، سەنگەری بەرخۆدان پتەوو ئاوەدانتر بکەنەوە ، چونکە گەلێک ئەگەر بەراستی ئازادی سەربەخۆیی خۆی بوێت، دەتوانێ بەرگری لە هێرش و پەلاماری دوژمنان بکات و دەست بە مافەکانی خۆیە بگرێ .

## لەم ژمارەیەدا


ل٣
بووش: ئێمە هەڵەمان کرد

ل٥
جەرگسۆزم بۆ پەیدا دەبێ

ل٧
بارزانی ژبۆی کەرکوکێ دناف باهۆزا شەڕێن سار دە دژی!؟